# گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر



بەختیار عەلی
(ئەڵمانیا)

(٢ - ٢)

## ماهییەتی ماددەی شیعر

جیاوازیی نێوان قسەی مەوزوون و موقەفا و شیعر ئەوەیە، شیعر وەک یەکەیەکی سەربەخۆ وەک بوویەکی تایبەتی دابڕاو لە هەموو مەبەستێکی دەرەکیش دەژی.

ئەم کێشەیە کێشەیەکی گرنگ و دێرینە لە شیعردا. ئایا ناوەوە گرنگە بۆ تێگەیشتن یان دەرەوە؟ ئایا وەزیفە ستاتیکییەکە گرنگە یان وەزیفە کۆمەڵایەتییەکە؟ ئایا شیعر لە هەمان ئەو ماددەیە دروست نەبووە کە ماددەی نووسین و قسەیە کە زمانە. ئیدی بە چ مافێک ئەم هەموو ئازادی و تایبەتمەندێتییە دەبەخشینە شیعر.

لێرەدا لە سارتەرەوە دەست پێدەکەم و لە هۆکانی ئازادکردنی سارتەر دەڕوانم بۆ شاعیر لەو وشە دێرینەی ئیلتیزامیان پێدەگوت.

سەرەتا سارتەر جیاوازییەکی گرنگ دەکات لەنێوان نووسەر لەلایەک و کەسانی وەک نیگارکێش و پەیکەرتاش و ئەوانی تر. ئەم جیاوازییە تایبەتە بە جیاوازیی ئەو ماددەیەی کە نووسەر و نیگارکێشان کاری لەسەر دەکەن.

نووسەران کار بە زمان دەکەن و ئەوان بەشت. جیاوازیی نێوان زمان و شتیش لە دیدی سارتەردا گەورەیە، لای سارتەر، زمان ئاماژەیە، واتە هەر وشەیەک کە بەکاری دەهێنین ئاماژەیە بۆ حاڵەتێکی تر، وشەی گوڵ ئەوکاتە مانای هەیە کە ئاماژەیە بۆ گوڵ لە دەرەوە. کاتێک وشەی «گوڵ» بەکاردەهێنین وشەکە لە وەزیفەکەی کە بزواندنی خەیاڵ و وێنەی گوڵە لە یادەوەریی ئێمەداو بانگکردنەوەی گوڵە وەک شتێکی واقیعی جیاناکرێتەوە، بەڵام ماددەی هونەرمەندی شێوەکار وشە نییە، بەڵکو شتە. ڕەنگی سوور لە تیووبدا تا نەیەتە سەر تابلۆ هیچ دەلالەتێک نابەخشێت. شت تەنیا دوای بەکارهێنانی مانای دەبێت. بە پێچەوانەی وشەی گوڵەوە کە ڕاستەوخۆ مانای خۆی و وێنەیەکی دیاریکراو بانگدەکات. لای سارتەر زمان بەوەدا ئاماژەیە کەواتە هەمیشە ئاماژەیە بۆ بوونێکی دەرەکی، بۆ شتێک لە دەرەوەی خۆیەتی، هەمیشە بە وێنەیەکی لەفزی وێنەیەکی ڕاستەقینەو واقیعی بانگ دەکەین.

لێرەوە پێوەندییەکی تەواو لەنێوان ئەو دووانەدا هەیە لەنێوان زمان و دەرەوەدا. کە دەبێتە پردی پێوەندی و ئیلتیزام لەنێوان نووسەر و واقیعیشدا.

لێرەوە کێشەکە لای سارتەر دووبارە دەست پێدەکاتەوە. کەواتە شاعیر کە ئەویش هەر زمان بەکاردەهێنێت، بۆ



هەردی

بەدەربێت لەو ئیلتیزامەی لەسەر نووسەرانە؟. لای سارتەر شاعیر «زمان» وەک سیستمێکی ئاماژە بەکارناهێنێت، بەڵکو وەک «شت» بەکاری دەهێنێت. واتە زمان دەخاتەوە سەر دۆخی شتبوون و ڕەهەندە ئاماژەییەکەی لێدەستێنێتەوە. لە دیدی سارتەردا شاعیر زمان دەگەڕێنێتەوە سەر دۆخی ئەو ماددەیەی شێوەکارێک بەکاری دەهێنێت. ئیدی وشە لە شیعردا ئاماژە نییە بۆ خودی ماناکان، ئیدی وێنەکان بانگ ناکاتەوە، بەڵکو شتێکی ترو جیاوازتر بانگ دەکاتەوە کە تەنیا لە فەزای قەسیدەکەدا مانای هەیە. ئەوەی سارتەر ناوی دەنێت بە «شتکردنەوەی» زمان کە وادەکات پێوەندی نێوان شیعر و واقیع بپچڕێت و شاعیر ئازاد بێت لە ئیلتیزام لە ڕاستیدا ناوێکی دیکەیە بۆ ئەوشتەی پێی دەگوترێت تەقاندنەوەی زمان و ئازادکردنی. هەموو ئازادکردنێکی شیعر بەشێوەیەک لە شێوەکان بە دەرگای ئازادکردنی وشەدا دەڕوات لە دەلالەتە دەرەکییەکانی. گێڕانەوەی وشە بۆ دۆخی بەر لە هەڵگرتنی مانا، دیارە ئەمە بەو مانایە نییە بکرێت وشە تەواو لە هەموو ئاسەوارێکی دەلالەت پاک بکرێتەوە، بەڵکو بەو مانایەیە وشە چی تر پێشبینی و چاوەڕوانییەکانی قسەی ڕۆژانە پڕ ناکاتەوە و زمان ڕەهەندە وەزیفییەکانی خۆی ون دەکات، بە واتایەکی تر شاعیر زمان بەکارناهێنێت، بەڵکو دروستی دەکاتەوە. ئەوەی سارتەر ئاماژەی بۆ دەکات تەواو دروستە. وشە لە شیعردا هەمان ئەو شتانە ناو نانێت کە زمان وەک سیستمێکی ئاماژە ناویان دەنێت. وشە لە شیعردا ئاماژە نییە بۆ دەرەوە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ناوەوە. ئاماژەیە بۆ جووڵەی زمان بە ئاراستەیەک پێچەوانەی مێژووی خۆی. شیعر دەتوانێت هەموو تۆزی زەمان لەسەر وشە بتەکێنێت. من باوەڕم وایە هەموو شیعرێک هەوڵدانە بۆ دروستکردن و وەسفکردنەی جیهان لە سەرەتاوە. بەڵام مانای چی کاتێک دەڵێین هەموو شیعرێک هەوڵدانە بۆ وەسفکردنی جیهان لە سەرەتاوە و ئەمە پێوەندیی بە ماددەی شیعرییەوە چییە؟

وەک دەبینن هێندە بەسە جارێک پرسیارێک بکەین تا لەپشتییەوە کۆمەڵێ ئاسۆی نادیارمان لێ دەرکەوێت. کە دەڵێین شیعر دروستکردنەوەی جیهانە لەسەرتاوە. بەو مانایە کە ماددەی شیعر ئەو کەرەستانەی شیعریان لێدروست دەکەین ماددەیەکی نامێژوویین، مەتریالی شیعر مەتریالێکی نامێژووییە، مەتریالێکە تەنیا لەوە ناکەوێت ئاماژ بۆ دەرەوە بکات، بەڵکو لەوەش دەکەوێت مێژووی هەبێت. وشە تەنیا خۆی لەمانا و ئاماژە باوەکان ئازاد ناکات، بەڵکو خۆی لە مێژووی خۆشی ڕزگار دەکات.

بەڵام ئایا ئەم «بێمێژووکردنە» مانای ئەوەیە شاعیر باس لە ژیان ناکات، باس لە ئەزموونەکان ناکات، پردێک نامێنێتەوە گرێیبداتەوە بە جیهانەوە؟

بێگومان نەء. هێندە هەیە شیعر بەو وشانە باسی بابەتەکانی ناکات کە لەوەوبەر باسکراون، بەو وشانە باس لە ژیان و مردن و ئەزموون و هیواو ترس ناکات کە ئێمە دەیانناسین و تاقیمان کردوونەتەوە. هەر بابەتێک شیعر لێی دەدوێت لەگەڵ شیعردا دەکەوێتە ناو جۆرە مێژوویەکی تازەوە. شیعر سڕینەوەی بابەتەکان نییە، بەڵکو کردنەوەی دەرگای مێژوویەکی تازەیە لەسەریان. شیعر باس لە هەموو شتێک دەکات، بەڵام بە جۆرێک باسیان دەکات وەک ئەوەی یەکەمجار بێت مرۆڤ ئەو هەستانەی تاقیکردبێتەوە. ئەوەی کە شیعر مەبەستێتی ڕەشکردنەوەی وێنەی ڕابوردووی بابەتەکانە نەوەکو خودی بابەتەکان بێت. ئیلغاکردنەوەی وێنە دێرینە و حوکمە پێشوەختەکانمانە لەسەر ئەو بابەتانە.

کەواتە خودی ماددەی شیعری سەرچاوەی هەموو نهێنییەکانە. ئەمجۆرە مەتریالە سروشتێکی سیحری و ناوەکی و سەرەتایی و میتۆلۆگییانەی هەیە، هەمیشە بە ئاراستەیەکی دیاریکراو دەمانبات، ئاراستەی منداڵی و تاریکی و کوژاندنەوەی زانینە کۆنەکانمان... خودی ئەم سروشتەیە بیرمان بەرەو کیمیاگەری ڕادەکێشێت، کیمیاگەری بەمانای تێکەڵکردنی مەتریالەکان بۆ دەرهێنانی ماددەیەکی سیحریی نوێ. کیمیاگەری بە مانا دێرینەکەی، تێکەڵکردنی سیحرو زانستە لەگەڵ یەکدا. تێکەڵکردنی پێشبینییەکی عەقڵییە لەگەڵ پێشبینییەکی نا عەقڵانیدا، لەیەکدانی خورافەتە بە بەڵگە. ئەمجۆرە کیمیاگەرییە نزیک لەو یارییەی کە شاعیر لەگەڵ زماندا دەیکات. شیعر لەو مانایەدا بەدەرنییە لە تاریکییەکی موگناتیسییانە، بەدەرنییە لە «نهێنی پەرستی» و «نهێنی سالاری». کاتێک شیعر گێڕانەوەی جیهان بێت بۆ سەرەتا، ئەوا لە هەمان کاتدا

گێڕانەوەی جیهانیشە بۆ دۆخە نهێنییەکەی. ماددەی شیعر ئەو ماددەیەیە جیهان دەگێڕێتەوە بۆ دۆخە سەرەتاییەکەی، واتە بۆ دۆخی بەر لە ئاشکرابوونی، بۆ دۆخی بەر لە هاتنە زمانی، بۆ دۆخی بەر لە دایکبوونی زانست، هەر ئەمەشە نهێنیی ئەو پێوەندییە قووڵ و هەمیشەیی و دووبارەیەی لەنێوان شیعرو سیحردا لەلایەک، شیعرو میتۆلۆگیا بەلایەکی ترو شیعرو هەموو ڕێبازە باطنییەکاندا هەیە.

شیعر تەلیسمێکی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە. تاریکییەک لە هەناویایەتی ئەو تایکییەی سەلاح ستیتیە ناوی دەنێت «شەوی مانا». شیعر وەک چۆن خۆی هەوڵدان نییە بۆ دووبارە گێڕانەوەی منداڵی، بەڵکو هەوڵدانە بۆ دووبارەکردنەوەی یەکەم نیگای مرۆڤ بۆ سروشت و شتەکانی دیش، هەرگیز سیاسەت و هیچ بابەتێکی تریش لە شاعیر حەرام نین، بەو مەرجەی ئەو سیاسەتەی شاعیر قسەی لێدەکات، ئاوێنەی بێدەنگ بوونی سیاسەت بێت، نەوەکو ئاوێنەی هاتنە قسەی.. شیعر تەنیا دوای ئەوەی بابەتەکان بێدەنگ دەکات، دەتوانێت لەسەریان بدوێت، تا جیهان بێدەنگ نەبێت شیعر نایەتە قسە.

ئەفسانە بۆ شیعر گرنگە، چونکە ئەفسانە هەمان شێوە ئەو چاوەیە کە لە سەرەتاوە مرۆڤ جیهانی پێ بینیوە. ئەو چاوە میتۆلۆگییە چاوی سەرەتایە، چاوی مرۆڤە بەرلەوەی لۆژیک و لۆگۆس و هێزەکانی تر کۆنترۆڵی بکەن. شیعر هەمیشە سۆزێکە بۆ ئەو جیهانەی دەکەوێتە بەر لە کۆنترۆڵی لۆگۆس و عەقلانییەت. کێشەکە ئەوە نییە کە شیعر خۆی کێشەی لەگەڵ عەقڵدا هەبێت، کێشەکە ئەوەیە کە عەقڵ ڕێکخەر و دیسپلینە، ئاراستەکەرو سنووردارێژە. من پێم وانییە شیعر سەروکاری لەگەڵ عەقڵدا نەبێت، بەڵکو شیعر سەروکاری گەورەی لەگەڵ عەقڵدا هەیە و ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت شیعر سەروکاری لەگەڵ عەقڵدا نییە و کاری لەگەڵ هەست و سۆزو ئەو شتانەدا هەیە. یان «لە تەلی عاتیفە دەدا» وەک پیاوە کلاسیکییە کوردەکان دەڵێن، تەواو هەڵەیە. شیعر تەنیا کاری لەگەڵ ڕووکارە دیسپلینکارەکان و ئاراستەکەرەکانی عەقڵدا نییە. بە پێچەوانەوە شیعر بەشێکە لە نەفیکردنی عەقڵ بۆ نەگۆڕەکانی خۆی، شیعر نیگایەکی گاڵتەجاڕانە و ساتیر ئامێزی عەقڵە لە بانگهێشتی کەماڵی خۆی. گەمەی شیعر گەمەیەکی تەواو عەقڵییە. ئازادکردنی وشە یان بەشتکردنی بەبێ ئیرادەی عەقڵ چێنابێت. تەنکاندنی مێژووی وشە لە تۆزو غوباری زەمەن بەبێ عەقڵ چێنابێت. ڕەنگە لێرەدا یەکێک بپرسێت ئایا عەقڵ و ئەم نەفیکردن و نەرێکردنە بەردەوامەی جیهان پێکەوە کۆدەکرێنەوە، وەڵامی من بە ئەرێیە، دروست لەناو شیعردا، عەقڵ و گومانی لەکەماڵی خۆی بەیەکەوە دەتوانن پێکبگەن. شیعر ئەو جێگایەیە کە عەقڵ دژ بە دەسەڵاتی خۆی کاردەکات، دژ بە یەقینەکان و دیسپلینەکانی خۆی. شیعر دەرکردنی عەقڵ نییە، بەڵکو دووکەرت بوونێتی. یاد بردنەوەی نییە، بەڵکو وەبیرهێنانەوەی بەشە کپکراوەکانێتی.

## خودی شاعیرو ستاتیکیای مێژوو

لەوەوبەر گوتم شیعر لەسەر هەمەناوەندی دەژی. واتە ئەو تەفسیرەی پێی وایە چەقی قورسایی شیعر یان دەبێت لەناو خوددا بێت یان لەناو بابەتدا بێت، سەیرکردنێکی کلاسیکی نامۆیە بە پێکهاتی شیعر. شیعر جۆرە پێوەندییەکی دیکەیە لەگەڵ خودو بابەتدا لە یەک کاتدا. ئاوێنەی هیچیان نییە و ئاوێنەی هیچ شتێکی تریش نییە، بەڵکو ئیشکردنێکی ئازادە لەسەر هەموویان و لە تەک هەموویان و دژ بە هەموویان.

شیعر ئاوێنەی خود نییە، بەڵکو جۆرێکە لە پێوەندی لەگەڵ خوددا.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشێ ئایا کاراکتەری شاعیران هەمیشە شتێکی جیاواز نەبووە، ئایا شاعیران جۆرە کەسێک نەبوون جیاواز لە کەسانی تر و زۆرجار تەواو نامۆ بە جیهانی کۆمەڵگاو دەستوورو ئەمرونەهیەکانی. ئایا ناوازەیی کاراکتەری شاعیر لە چییەوە دێت. ئایا ناوەزەیی ئەم کەسایەتییە لە چییەوە هەڵقوڵیوە؟

کێشەی گەورەی شاعیر ئەوەیە کە بە پێچەوانەی تەواوی خەڵکەو لەنێوان دوو واقیعدا دەژی. ئەو واقیعە گریمانەییەی کە شیعر دروستی دەکات، لەگەڵ ئەو واقیعە ڕاستەقینەیەی هەمووان تێیدا دەژین. ئەو لەنێوان شیعرو جیهاندا دەژی. شیعرو جیهانیش دوو فەزای تەواو جیاوازن. کێشەی شاعیر ئەوەیە لە شیعردا ئەزموونێک دەژی تەواو جیاوازە لە ئەزموونەکانی دیکە. شاعیر جۆرێک لە ئازادی تاقی دەکاتەوە کە کەسانی دی تاقی ناکەنەوە، لێرەوە تەواو ئیدیالەکانی دەگۆڕێت. ئیدی ئەوە جیهانبینیی شاعیر نییە ئیدیال دەداتە شیعر، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە شیعرە ئیدیال دەداتە شاعیر. واتە هیچ کەس جیاواز نییە و لە جیاوازییەوە بەرەو شیعر بڕوات، جیاوازیی شاعیر پێش شیعر ناکەوێت، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، جیاوازیی لە شیعرەوە لە دایک دەبێت و لەوێوە جیاوازیی شاعیر سەرهەڵدەدا. سەرەتا جیاوازیی شیعر هەیە و دواتر جیاوازیی شاعیر، شیعر وەک جۆرێکی قووڵ لە جیاوازیی ئیدیالەکانی خۆی دەدا بە شاعیر. شیعری نوێ جۆرە شیعرێکە ئەو ئیدیال دەدات بە شاعیر. ئازادییە ناوەکییەکەشی ئیدیالی هەرە



سەلاح سیتیتیە

گەورەیەتی. ئەو ڕۆحە سەرەتایی و گەڕانەوە بێپەرێزە بۆ سەرەتا، ئەو جۆرە ڕزگاربوونە لە ڕابوردوو و لە مێژوو، لەلای شاعیر وەک جۆرە ئیدیالێکی قووڵ دەردەکەون. ئەو ئازادییەی شیعر پێشکەشی دەکات سەرەتای بیرکردنەوەیەکی ترە لە ئازادی. هەڵبەت لێرەدا کێشەیەکی گەورە دروست دەبێت لەنێوان ئەوەی ئێمە بە ئازادیی کۆمەڵایەتیی دەزانین و ئەوەی بە ئازادیی شیعر نەخشاندوومانە. ئازادیی کۆمەڵایەتی لە بەرابەر ئازادیی شیعردا هەمیشە ئازادییەکی بچووک و بارکراوە بە ئیلتیزاماتی تر. خەتەری کاراکتەری شاعیر لەوێوە دەست پێدەکات کە پرۆژەی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانن بە تەواوی لەو سنوورانە نزیک ببنەوە کە شاعیر لێی نزیک دەبێتەوە. گەڕانەوە بۆ سەرەتا، گەڕانەوە بۆ پێش سەقامگیربوونی چەپاندن و سانسۆرەکان پڕە لە خەونی ئیرۆتیکی، پڕە لە ویست و ئیدیالی تر بۆ ژیان. شیعر تەنیا ئیدیالێکی تر بۆ خەیاڵ و فەنتازیا ناخاتە کار، بەڵکو ئیدیالێکی تر بۆ جەستەو عەقڵیش دەخاتە کار. ئازادیی سیاسی هەمیشە لەبەردەم ئازادیی شاعیردا بچووکە. خود لەم دۆخەدا خودێکی ترە.

جیاوازیی شاعیر هەڵقووڵاوی جیاوازیی شیعرە. کاراکتەری شاعیر تەواو لەژێر کاراکتەری شیعردا گەورە دەبێت.

لێرەدا خود خەون بە فەزایەکی کۆمەڵایەتییەوە دەبینێت کە تەواو وەک فەزای شیعر وابێت. شاعیر کە دەشگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگا هەر هەمان خەیاڵ و واقیعی لەسەردایە کە لە شیعردا تێدا ژیاوە. ژیانی ڕاستەقینە لەناو شیعردا دیدی شاعیر بۆ زۆر کێشەی دیکە دەگۆڕێت. خودی شاعیر ڕوانگەیەکی تری لا دروست دەبێت کە لەگەڵ ڕوانگەکانی تردا یەک ناگرێتەوە. ناوازەیی و تاقانەیی و تاکڕەویی شیعر لەلای خود وەکو شۆکێک دەکەوێتەوە. شاعیر ئەو شۆکە «صدمة» دەژی کە ئیدیالی جیهان و ئیدیالی شیعر یەک ناگرنەوە، بەمانایەکی تر شیعر هەمیشە یۆتۆپیایەکی ئەستەمە، یۆتۆپیایەکی نەهاتووەدییە. شیعر جۆرە جوانییەکە هەرگیز کۆنکرێت ناکرێت و لە گریمانەیەکی زمانەوانییەوە ناگۆڕێت بۆ پرۆژەیەکی واقیعی، شیعر یۆتۆپیایەکی ناو زمانە و هەر لەویاشدا دەمێنێتەوە، دەکرێت هەموو جیهان لەناویدا بتوێتەوە، بەڵام ئەو لە جیهاندا ناتوێتەوە.

مەرج نییە هەموو شاعیرێک بگاتە پلەی ژیان لە شۆکی ئەو دژایەتی و پێوەندییە ئاڵۆزەی لەنێوان شیعرو جیهاندا هەیە. هەندێک شاعیر کاتێک ئەو ڕەهەندە موستەحیلەی شیعر دەبینن، کاتێک دەبینن ئیدیالی شیعر ئاسان ناگاتە ئیدیالی جیهان، کە دەبینن جیهان لە شوێنێکەو شیعر لە شوێنێکی ترە، یان تەواو دەکشێنە ناو قەڵای شیعرەوە و لەوێوە غوربەتێکی قووڵ و بێبن دەست پێدەکات کە غوربەتی شاعیرە لە کۆمەڵگا، یان تەواو دەستبەرداری ئەو غوربەتە دەبن و لە شیعر هەڵدێن.

پێم وایە ئەحمەد هەردی یەکێکە لەو شاعیرانە زوو لەوە تێگەیشت کە وەزیفەی شیعر شتێکە لەو شتانەی لەگەڵ وەزیفەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەراورد ناکرێت، وازهێنانی ئەحمەد هەردی بەرەنجامی تێگەیشتنە لە ماهییەتی جیاوازی شیعر لەگەڵ سیاسەتدا. لێرەوە ساتەوەختی هەردی لە ڕووی نرخی مێژوویی و لە ڕووی تێگەیشتن لە ماهییەتی شیعر بایەخێکی بێوێنەی هەیە، ئەحمەد هەردی ئەو شاعیرەیە کە تێدەگات شیعر لەگەڵ جیهان و سیاسەتدا کۆناکرێتەوە. ئەو پیاوەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەزانێت یان دەبێت بۆ ئیدیالە سیاسییەکان بژی یان بۆ ئیدیالە شیعرییەکان.

شاعیران هەمیشە لە جەنگی ئەو دوو مۆدێلەدا دەژین، مۆدێلی باوەڕهێنانی تەواو بە ئازادیی شیعر وەک نموونەی باڵای ئازادیی ژیان، یان بە پێچەوانەوە هەست بە پچڕانی تەواوەتی و دووریی نا کۆتایی ئەو دوو شێوەیە لە ئازادی دەکەن. لەم دوو مۆدێلە بترازێت هەوڵدان بۆ سازاندنی ئەو دوو ئیدیالە لەگەڵ یەکدا ئاشتکردنەوەو گونجانیان دروستکردنی پرد لە نێوانیاندا ئامانجی ژمارەیەکی گەورە لە شاعیرانە. هەندێک قووڵایی قەیرانەکە تەواو دەبینن و هەندێک نایبینن. گۆران یەکێکە لەو شاعیرانەی ئەگەرچی ڕۆحێکی غوربەتاویی ئاشکرا دەکات، بەڵام دواجار تەبایییەکی تەواو لەنێوان ئیدیالی شیعرو ئیدیالی جیهاندا دەبینێت، واتە تەبایییەکی تەواو لەنێوان غایەتی ستاتیکیی شیعرو غایەتی مێژوودا دەبینێت. لە تەفسیری مارکسیدا دوا وێستگەی مێژوو، وێستگەی گەیشتنی مرۆڤایەتییە بە

کەماڵ، ئێستگەی بەرجەستەبوونی جوانی و مرۆڤایەتییە لەدوا پلەکانی خۆیاندا، دوا وێستگەی مێژوو وێستگەیەکی شاعیرییانەیە، بەو مانایەی کە هارمۆنیاو تەبایی و ئیقاع و تێکەڵاوبوونی نەغمەکان دەگەنە دوا پلەی هاوسەنگیی خۆیان. ئەم دیدە بۆ مێژوو و بۆ شیعر لە قووڵاییدا یەک شتە، کۆتایی مێژوو لای مارکسییەکان وەک ئیدیالی شیعر کۆتاییەکی ئیستاتیکییە. بەرجەستەبوونی جوانییە لە گەشترین و هیومانیترین ڕووەکانیدا.

گۆران وەک مارکسییەک و سروشتپەرستێکیش شیعری وەک هۆکاری هێنانەدی و سەلماندن و هێنانەدیی جوانی سەیر دەکرد. شیعر جۆرێکە لە جوانی کە وەسفی جوانی دەکات، سیاسەتیش هەمان شێوە جۆرێکە لە خەباتی جیهانی بۆ هێنانەدیی جوانی. گۆران تووشی ئەو شۆکە نەبووە لەنێوان ئاراستەی شیعرو ئاراستەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیدا، بەگشتی هەموو ئەوانەی خەباتی سیاسی وەک جۆرێک لە ستاتیکا تەماشا دەکەن ئاسانتر دەتوانن خۆیان لەو ناکۆکییە بدزنەوە کە لەنێوان شیعرو جیهاندا هەیە. ئاسانتر دەتوانن خەبات وەک جۆرێک لە شیعرو شیعر وەک جۆرێک لە خەبات تەماشا بکەن. خەیاڵی شیعری بە خەیاڵی سیاسییەوە گرێ بدەنەوەو خەیاڵی سیاسی بە کۆمەڵێک بارگەی شیعری بارگاوی بکەن.

ئەم جۆرە گونجاندنەی نێوان شیعرو مێژوو تەواو جیاوازە لەو مۆدێلەی ئەدۆرنۆ پێشنیازی دەکات سەبارەت بەوەی کە ئۆتۆنۆمییەتی شاعیرو ئیلێتیزام لە ئەدەبدا پێوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوانیاندا هەیە، بەو مانایەی کە شیعر پێی لە ئۆتۆنۆم بوونی خۆیدا ڕاکێشا دەبێت ئەو پێڕاکێشانە لە ڕێگای گرێدانەوەی زیاتری شیعرەوە بە جیهان و کێشەکانییەوە جڵەو بکرێت. دووەمیش ئەگەر هەناسەی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان گەورە بوون دەبێت هەوڵبدەین لە ڕێگای پێداگرتن لەسەر ئۆتۆنۆمییەتی شیعرەوە ئەو هاوسەنگییە ڕاگرین.

ئەم هاوسەنگییەی لە جیهانی گۆران و شێرکۆو هەندێ شاعیری تردا هەیە تەواو جیاوازە لەو هاوسەنگییە ئەدۆرنۆییە. هاوسەنگییەکە لەسەر تێگەیشتنێکی ستاتیکی لە سیاسەت و مێژوو دروست بووە. کاتێک باوەڕمان وابێت مێژوو و سیاسەت دووچالاکیی ستاتیکین، لێرەدا ئەو هێزەی کە کاراکتەری شاعیر دەگۆڕێت بۆ پیاوێکی نامۆ کاریگەرییەکی نامێنێت و لەبەین دەچێت.

### شیعرو مێژوو

ئاخۆ شیعر کە قۆناغ قۆناغ دەبێت، خودی ئەم قۆناغ قۆناغ کردنە چییە؟

ئایا لەنێوان قۆناغەکانی مێژوو و قۆناغەکانی شیعردا چ جۆرە پێوەندی و جیاوازییەک هەیە؟

چ فەزایەکی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو جۆرە قۆناغ قۆناغ کردنەدا هەیە. ئاخۆ دەکرێت لەنێوان قۆناغەکانی مێژوو و قۆناغەکانی شیعردا پەیوەستێکی نەپساو بدۆزینەوە؟

کە جیهان دەگۆڕێت شیعریش دەگۆڕێت، بەڵام کاتێک شیعر جووڵەیەک بێت بە ئاراستەی بونیادنانی واقیعێکی دیکە، ئەوکات نابێت شیعر ڕەنگدانەوەی جووڵەی جیهان بێت. کەواتە بۆچی هاوشان بە گۆڕانی مێژوو، مێژووی شیعریش گۆڕانکاریی بەسەردا دێت؟ کە شیعر جنسێکی ئۆتۆنۆمە، ئەی بۆ لەبەر زەبری چالاکییە مێژووییەکاندا دەگۆڕێت؟ بۆ شیعری یۆنان لە شیعری سەردەمەکانی تر ناچێت، شیعری جاهیللییەت لە شیعری ئەمڕۆ ناچێت؟ ئایا ئەمە گورزێکی توند نییە لە تیووریی ئۆتۆنۆم بوونی شیعر.

سەرەتا دەمەوێت کۆی ئەو قسانەی سەرەوە لە فۆرمێکی کۆنکریتتردا کۆبکەمەوە.

تێگەیشتنێکی تەواو هەڵەیە واتێبگەین کە ئۆتۆنۆمییەتی شیعر بە مانای نەبوونی «پەرچە کردار بەرابەر بە مێژوو» دێت.

ئۆتۆنۆمییەتی شیعر ئاراستەی شیعرە. جەوهەری شیعر وەک جنسێکی جیاواز لە جووڵەیدا دەردەکەوێت بەرەو ئۆتۆنۆم بوون، بەرەو ئەوەی سەدای ئەو دەنگانە نەبێت کە لەناو شاعیردا قسە دەکەن.

لەسەرەتاوە باسم لەو هەموو هێزو دەنگانە کرد کە گەمارۆمان دەدەن، باسم لەو هاوارانە کرد کە لەناوماندان و هاواری ئێمە نین. ئەوەشم دیاری کرد شیعر دواجار هەوڵە بۆ ئەوەی لەو دەنگانە ئازادبین. شیعر ئاوێنە نییە بۆ مێژوو، بەڵکو وەستانە بەرابەری لە جەمسەرێکی پێچەوانەوە.

کە دەڵێین شیعر ئۆتۆنۆمە، ئەم ئۆتۆنۆمبوونە، ئۆتۆنۆمییە بەرابەر بەشتێک، ئۆتۆنۆمییە بەرابەر بە کۆمەڵێک سیستم و دیدی تایبەتی، ئۆتۆنۆمییە بەرابەر بە ڕۆحی قۆناغێک. هەموو شیعرێک بە جۆرێک لە جۆرەکان تێکچوونی پێوەندییە لەگەڵ جۆرێک لە سیستمدا.

وێستگە جیاوازەکانی مێژوو وێستگەی جیاوازی شیعریشن، چونکە دواجار جیاوازییە بەرابەر بەو کۆ گشتگیرەی ناوی دەنێین مێژوو (واتە وەستان بەرابەر سیستمی جیاواز جیاواز، شیعری جیاواز جیاواز دروست دەکات).

جیاوازیی شیعر هاوڕێیە بە جیاوازیی مێژوو، چونکە ئازادبوونی شیعر پابەندە بە ئازادبوون لە هەلومەرجە



مالارمێ

مێژوویەکان. بەمانایەکی زۆر گشتیش شاعیر ناتوانێت سیمای ئەو مێژووە هەڵنەگرێت کە تێدا دەژی، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا شیعر چەکێتی بۆ ئازادبوون لەو هەلومەرجە مێژووییانە. سیمای ئەو لەگەڵ سیمای مێژوودا دەگۆڕدرێت، بەڵام سیمای ئەو ئاوێنەی گۆڕانکارییەکانی مێژوو نییە، بەڵکو شیعر ئامانجێتی سەدای ئەو دەنگانە نەبێت کە لە دەرەوەی ئەون، ویستێتی هەموو ئەو دەنگانە بگۆڕێت و لە زمان و سیستم و دیدی خۆیان ئازادیان بکات. شیعر هەڵهاتن و خۆ دزینەوە نییە لە مێژوو، بەڵکو گۆڕین و بێدەنگ کردنێتی، شیعر دروستکردنی مێژوویەکی ترە لەناو مێژوودا، لێرەوە گۆڕانی شیعر لەگەڵ مێژوودا، ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی مێژوو نییە لەناو شیعردا، بەڵکو ئاوێنەی خۆ دەربازکردنی شیعرە لەو ڕەنگدانەوەو خۆ خزاندنە هەمیشەییەی مێژوو بۆ ناو شیعر.

واتە ئەو مێژووەی شیعر پێشکەشی دەکات، جیاوازە لەو مێژووەی سیاسەت پێشکەشی دەکات. مێژووی شیعر هاوشان بە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگۆڕێت، بەڵام ئەم دوو گۆڕانە هاو زەمانە، نیشانەی شێوازە جیاوازەکان و ڕێگا جیاوازەکانی پچڕانی شیعرە لە مێژوو.

شیعر مێژوویەک پێشکەش ناکات تێدا بژین، بەڵکو مێژوویەک پێشکەش دەکات عاسیتر لە تواناکانی ژیان، لێرەوە مێژووی شیعر هەمیشە ئاماژەیە بۆ یەک نەگرتنەوەی مێژووی شیعر لەگەڵ مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

واتە واقیعی ئیفتیرازییانەی شیعر دژە مۆدێلێکە، هەمیشەش لەسەر ڕۆشنایی ئەو مۆدێلەدا دەخوێنرێتەوە کە دژایەتی دەکات. شیعر تەنیا خۆپاک کردنەوە نییە لە واقیع، بەڵکو بەشێوەیەک لە شێوەکان دروستکردنی جیاوازیشە لەگەڵیدا. بەمانایەکی تر پێوەندیی شیعر لەگەڵ مێژوودا پێوەندیی تێرنەبوونە، نیشاندانی ئەو مەودا هەمیشەییەیە کە لەنێوان خەیاڵ و مێژوودا دەمێنێتەوە. واتە نیشاندانی بچووکی مەوداکانی مێژووە بەراورد بە مەوداکانی شیعر. لێرەوە ئەو قسەیەی ژنە شاعیری ئەڵمان «هێلدا دۆمین» بە دروست دەزانم کە دەڵێت «شیعر ناتوانێت واقیع بگۆڕێت، بەڵام دەتوانێت چارەنووسە فەردییەکان بگۆڕێت» «بڕوانە:

**Das Gedicht: Augenblick von Frei-heit**

Gesprach mit Hilde Domin uber Lyrik und Sprache; Augsburger Allgemeine; 27.02.1997 AZ/ Nummer 48

شیعر ڕەنگدانەوەی واقیع نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی شەڕە لەگەڵ واقیعدا. قۆناغەکانی شیعریش قۆناغە جیاوازەکانی ئەو شەڕەن لێرەوە قۆناغ قۆناغ بوونی مێژوو و قۆناغ قۆناغ بوونی شیعر بەڵگە نییە بۆ ئەوەی شیعر ئاوێنەی مێژووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاوێنەی جیاوازی شیعرە لە مێژوو. ئاوێنەی ئەوەیە کە شیعر ویستێکی ڕاستەوخۆی جیاوازبوونی تێدایە و ئەو ویستە دەیژێنێت، سەلماندنێکی هەمیشەییە بۆ جودابوونێکی هەمیشەیی. بۆ نموونە چ ڕۆمانسییەت و چ سورپالییەت و دادائییەت تەواو دوو بزاوتی دژە واقیعن. تەواو لەسەر دروستکردنی واقیعێکی ئەلتەرناتیف و ئیفتیرازیی جیاواز دەژین. تەنانەت ڕۆمانسییەتی گۆران ڕەنگدانەوەی جەنگە لەگەڵ واقیعدا، ڕەنگدانەوەی قبووڵ نەکردنی مۆدێرنیزمە کە سروشت و پاکژیی سروشت دیوە ئەلتەرناتیف و دژەکەی دەردەخەن.

ڕەنگە یەکێک بڵێت، کەواتە شیعر لە دوا دەرەنجامدا دژ بە واقیعی ئێستایە و لەگەڵ ئەو هێزانە شەڕ دەکات کە دژ بە ئێستان و لێرەشەوە سیفەتێکی واقیعییانەی هەیە. یان لەوانەیە یەکێک کۆی ئەو شاعیرانەمان یاد بخاتەوە کە تەبان لەگەڵ مێژووداو دۆستایەتییەکی شیعرییان لەگەڵ هەندێ هێزی مێژوویدا هەیە.

من پێموایە لەنێوان کۆی خەونە مەحاڵەکانی مرۆڤدا دۆستایەتییەکی گەورە هەیە، زۆربەی خەونە کۆمەڵایەتییە مەحاڵەکان دیوێکی شاعیرییانەیان تێدایە، هەر شتێک «لە سیاسەتدا بێت یان لە زانستدا» لە ئەفسانەوە نزیک ببێتەوە بە هەمان ئەندازە لە شاعیرییەتیش نزیک دەبێتەوە. شاعیر کە دەبێتە دۆستی مێژووش لە هاوکێشەکانی شیعر ناچێتە دەرەوە، لای ئەو خودی خەونەکانی مێژوو، هەمان سروشتی خەونە عاسییەکانی شیعر وەردەگرن... شاعیر کە دەبێتە قسەکەر بەناوی مێژووەوە، مێژوو لە زاریدا بووە بە

هەرێمێکی نا مێژوویی و ئەفسانەیی، ئەوەی کە زۆرجار شاعیران و ڕەخنەگران ناویدەنێن مێژوو یان واقیع، قەوارەیەک و وێنەیەکی ئەفسانەییە کە تەنیا ئاوێنەیەکی وەهمییە بۆ مێژوو نەوەکو خودی مێژوو بێت.

هەموو واقیعێک ئەفسانەی خۆی هەیە و هەموو مێژوویەک لەناوخۆیدا مەحاڵێکی هەڵگرتووە. شیعر کە مامەڵە لەگەڵ مێژوودا دەکات مامەڵە لەگەڵ ئەو مەحاڵەدا دەکات.

مێژوو تەنیا لەو کاتەدا بایەخی بۆ شیعر هەیە، کە ئاماژە بێت بۆ ئەفسانە، بۆ خەون و بۆ مەحاڵ.

بەم مانایە شیعر ئاوێنەی هیچ قۆناغێک و سەردەمێک نییە... بەڵکو ئاوێنەی ئەو ڕەهەندە ئەستەم و دەرگا نەکراوەو گرێکوێرانەیە کە مێژوو لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت.

## شیعر و ئێستا

کەواتە زەمەنی شیعر تەواو جودایە لە زەمەنی جیهانی، ئێمە کە «نالی» دەخوێنینەوە ناچینەوە بۆ سەدو پەنجا ساڵ لەمەوبەر، ناچینەوە بۆ ناو هیچ مێژوویەک، بەڵکو لەناو ئێستای قەسیدەیەکداین، لەناو زەمەنی ناوەکیی قەسیدەیەکداین، لە زەمەنێکداین کە نە مێژووی ئەمڕۆی ئێمەیە نە مێژووی ئەوسای نالییە، بەڵکو مێژووی تێکستێکە کە دەتوانێت زەمەنی تایبەتی خۆی بخاتە بەرابەر زەمەنی تایبەتی جیهان.

ئەوکاتەی شاعیر دەنووسێت لە زەمانی خۆی دەردەچێت و دەچێتە ناو زەمانێکی تایبەتییەوە. ئەوکاتەی ئێمە دەخوێنینەوە لە زەمانی خۆمان دەردەچین و دەچینە ناو زەمانێکی تایبەتییەوە. شاعیرو خوێنەر لەناو زەمانی قەسیدەدا بەیەک دەگەن، نەوەکو لەناو زەمانێکی مێژووییدا کە زەمانی ئێمە یان زەمانی ئەوان بێت. ئێستا یان ڕابوردوو بێت.

زەمانی ڕاستەقینەی شیعر جۆرە زەمانێکە نە سیاسەت ڕێکی خستووە، نە مێژوو ماهییەتی پێبەخشیوە، نە ستراکتۆری کۆمەڵایەتی نەخشی کێشاوە. فەزایەکە گەمەی هاوبەشی فەنتازیاو زمان، گەمەو یاخیبوون دروستی کردووە. لێرەوە زەمانی شیعر ئێستاو سەردەمەکانی تریشە... زەمانی شیعر هەنووکەیە، چونکە مەرجەعێکی نییە لە زەمەندا، ساتەوەختێکی مویارەکی نییە، بچێتەوە سەری. هەنووکەیە، چونکە تەنیا ملکەچی ساتەوەختی دروستبوونی خۆیەتی، بەڵام هەنووکەیەک نییە لە ئێستادا نوقممان بکات، بەڵکو ئێستای شیعر لە ئێستای زەمانی دەرەکی جیاوازە، ئێستا لە زەمانی شیعردا، هاوشانی ئەو چرکە مێژووییە نییە کە لە دەرەوەیە، بەڵکو ئێستایەکی دیکەیە، ئێستایەکە نابێتە ڕابوردوو، چونکە شیعر سەر بە هەر زەمانێک بێت، کە دووبارە دەیگرین بە دەستمانەوەو دەیخوێنینەوە، خۆی دەخوێنینەوە، ساتی دروستبوونی دەخوێنینەوە، نامانگێڕێتەوە بۆ زەمانێکی دەرەکی، بەڵکو دەمانباتە ناو زەمەنی خۆیەوە ڕابوردوو و داهاتوو لە شیعردا دوو ڕەهەندی مەجازین، ئەوەی هەمیشەییە هەنووکە بوونێتی، ئەوەی هەرگیز ناکوژێتەوە ئەو «ئێستا» هەمیشەییەیە کە لە ناویایەتی. ڕابوردوو و داهاتوو دوو ڕەهەندن دواتر ئێمە لە دەرەوەی شیعر بۆ شیعری دروست دەکەین، دوو دیون ڕەخنە دەیانخاتە سەر جیهانی شیعر. لە کاتێکدا تاکە کلێپەیەکی ناوەکیی شیعر، ئەو ئێستا نەمرەیە کە بە پێوانەکانی زەمانی ئێمە ناپێورێت. شیعر هەنووکەیەکی جاویدانە.

هەموو شیعرێک ئاوێنەی زەمانی ناوەکیی خۆیەتی. لە یەک ساتی مێژووییدا دەیان قەسیدە دەنووسرێت، هەریەک لەم قەسیدانەش هەڵگری ئێستای خۆیانن نەوەک ئاوێنەی زەمانی دەرەکی بن. هەر قەسیدەیەکیش ئەو «هەنووکە جاویدانییەی» ناوەوەی کوژاندەوە، ئەو «ئێستا» هەمیشەییەی خۆی کپ کرد و لە ئێستایەکی دەرەکیدا کوشتی، زۆر لەتینوتاوی تێپەڕینی خۆی دەدۆڕێنێت. شیعر ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ هیچ زەمانێکدا ناکات، بۆیە دەتوانێت بچێتە هەموو زەمانەکانەوە.

## شیعر و شۆڕش

شۆڕشگێڕێتیی شیعر بە پێوانەکانی شۆڕشگێڕیەتیی سیاسی ناپێورێت، چونکە دەشێت شیعری شۆڕش هەرگیز شۆڕشی شیعر نەبێت. دوو دڵی و ڕاڕایی شیعر هەمیشە گەورەترە لە دوودڵی و ڕاڕایی شۆڕشەکان. شیعر ساتی ئارامی نییە، لەگەڵ کۆتایی هەموو قەسیدەیەکدا جیهانێک و مێژوویەک و پرۆژەیەک دوایی دێت و جیهانێک و مێژوویەک و پرۆژەیەکی تر دەست پێدەکات. کۆتایی هەموو قەسیدەیەک کۆتایی شۆڕشێکیشە.

من لێرەدا باس لە سەدای شیعر ناکەم لە دەرەوە، باس لە سەدای ئەو گوتارە حەماسییە ناکەم کە دەشێت شیعر بیخرۆشێنێت، بەڵکو باس لە شیعر دەکەم لە ناوەوە، باس لە شیعر دەکەم وەک ئەو دۆخەی کە تێیدا سەدای قەسیدە لەناو قەسیدەدا دەردەکەوێتەوە. شیعری شۆڕشگێڕ ئەوە نییە کە جۆش و خرۆشی جەماوەر دەجوولێنێت، چونکە ئەو جۆرە وەزیفەیە کەم تا زۆر پێوەندیی بە شیعرەوە نییە. هەر پەخشانووسێکی سیاسی، هەر قسەبێژێکی دەنگ گری ڕادیۆ، هەر سەرۆکێکی کاریزمی شارەزا لە یاریکردن بە سۆزو عاتیفەدا دەتوانێت لە شاعیر باشتر ئەو دەورە ببینێت.

شۆڕشگێڕی شیعر سەدای لەسەر جادەدا دەرناکەوێت، بەڵکو لە دەهلیزەکانی بینین و ڕاڕەوەکانی جیهانبینی و مەیدانەکانی شیعر خۆیدا دەردەکەوێت.

لە شۆڕشدا لەپشت تێکدانێکی دیاریکراوو سنووردارەوە لۆژیکی ڕێکخستنێکی دیکەی جیهان هەیە... لە خەیاڵی شۆڕشدا هەمیشە وێنەیەکی ئامادەی دیکە هەیە بۆ جیهان، جیهانێک خەیاڵی شۆڕشگێڕان و بیرکردنەوەیان بەیەکەوە گرێ دەدات، جیهانێک کە مەنتیق دەداتە خودی شۆڕش. هەر کات شۆڕش وێنەی ئەو جیهانە ئامادەیەی دۆڕاند، ئەوکات دەبێتە نارێکی و ئانارشییەت. خودی شیعریش ئەو نارێکی و ئانارشییەتەیە. شیعر وێنەی جیهانێکی نییە لەسەری بمێنێتەوەو پێشکەش بە دەرەوەی بکات، لەو ساتەدا کە قەسیدە تەواو دەبێت ئەو جیهانەش تەواو دەبێت.. شیعر ناتوانێت بە لۆژیکی سیاسییانەی شۆڕش کار بکات، چونکە هەر جیهانێک لە قەسیدەیەکدا لە دایک دەبێت، قەسیدەیەکی دیکە تەواو ناکات، تراژیدیای شیعر ئەوەیە کە شاعیران هەموو یەک شیعر نانووسن و یەک شیعر تەواو ناکەن. لەگەڵ کۆتایی هەموو قەسیدەیەکدا جیهان دەکەوێتەوە ناو بێدەنگی و نارێکییەکی قووڵەوە. لە پەڕینەوە لە کەناری شیعرێکەوە بۆ کەناری یەکێکی تر بەردەوامی و تەواوکارییەک لە گۆڕێ نییە. ئەوە ڕەخنە و تەفسیرن دەتوانن ڕابردوو و داهاتوو بۆ قەسیدە دروست بکەن. جیاوازیی نێوان شیعرو شۆڕش ئەوەیە شۆڕش «سیستمێکی ئەلتەرناتیڤ» پێشکەشی دنیا دەکات، بەڵام شیعر هەمیشە کۆمەڵێک وێنەیە کە لەدوا دەرەنجامدا سیمای جیهانێکی ئاشکرا هەڵناگرێت، ئەو وێنەیەی کە شیعر بۆ جیهان پێشنیاری دەکات، هەمیشە بۆ تێگەیشتنی سیاسی قورس و ئاڵۆزە، چونکە دواجار شیعر لە بەرابەر واقیعدا و دژ بە واقیع، واقیعێکی تری پێ نییە، بەڵکو مەحاڵێکی پێیە... جیاوازیی نێوان شۆڕشگێڕو شاعیر ئەوەیە کە شۆڕشگێڕ ڕوخساری ئەو جیهانەی لەبەرچاوە کە هەوڵی بۆ دەدات، بەڵام هەموو قەسیدەیەک بە جۆرێک لە جۆرەکانی تێکدانی ڕوخساری جیهانە، هەموو قەسیدەیەک سەرپۆشێکە لە تەم و دەدرێت بە سیمای جیهاندا. شاعیر ئەو کەسەیە کە بەشداری ناکات لە ڕەنگرێژکردنی سیستمەکاندا، نە ئەو سیستمانەی ئەمڕۆو نە ئەوانەی سبەی. لێرەوە شیعر ناتوانێت سیاسی بێت، لەبەرئەوەی سیاسەت دۆزینەوەی جیهانێکە لە هەناوی جیهانێکی تردا، بەڵام شیعر وەک چۆن جیهانی ئێستا ڕەت دەکاتەوە، وەزیفەی نییە جیهانە واقیعییەکانی داهاتووش قبووڵ بکات... شیعر لەودیو قبووڵ و ڕەتکردنەوەوە لە زەمینە مەحاڵەکانی خۆیدا دەژی. بۆ نموونە شاعیر خۆی


شیللی

دەتوانێت سۆسیالیست بێت، بەڵام کە ویستی شیعر بکاتە گوتارێکی سۆسیالیستی، لێرەدا وەک شاعیر کۆتایی پێدێت. کە شیعری بووە کەرەستەیەکی سیاسی بۆ سۆسیالیزم ئیدی لە شیعرییەت کەوتووە... شیعر مانای خۆی لەوەوە وەردەگرێت کە ئیحایەکە بۆ ناکۆتایی گۆڕان و ململانێ نەوەکو بۆ کۆتابوونی.

شیعر ناڕاستەوخۆ کار لە شتەکان دەکات، لەبەرئەوەی شیعر دواجار بەر لە هەرشتێک قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات، هوشیاریی شۆڕشگێڕ هوشیارییەکە لەگەڵ دەرەوەدا دەدوێت، بەڵام هوشیاریی شیعر لە ناوەوە و لەگەڵ خودێکی نهێنی و ناوەکیدا قسە دەکات. شیعر بەوە ناپێورێت چی ئاراستەی دەرەوە دەکات، چونکە لە جەوهەردا ئەو هیچ ئاراستە ناکات، ئەو لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و ئێمە گوێمان لە بانگەوازە ناوەکی و مۆنۆلۆگە تاریک و هەناسە نهێنییەکانێتی. شیعر لەو دەنگە ناوەکییەی خۆی جیانابێتەوە... شۆڕشگێڕێتیی شیعر ئەو جۆرە شۆڕشگێڕێتییەیە کە وەرناگێڕدرێتە سەر زمانی سیاسەت. ئەوەی کە لای ئێمە بە شیعری شۆڕشگێڕ ناودەبرێت سەداکانی شیعرە نەوەک شیعر خۆی، تێگەیشتنە دەرەکییەکانێتی، تەفسیرکردنێتی لە دەرەوە... شۆڕشی ڕاستەقینەی شیعر هەمیشە لەناو خۆیایەتی، ناخرێتە سەر زمانێکی تر، تەنیا بە شیعر خۆی تەفسیر دەکرێتەوە، حەقیقەتێکی ناوەکیی تێکستی شیعرییە، لە دەرەوەی ئەو تێکستەدا دەمرێت. بە زمانێکی تر ناگێڕدرێتەوەو گەر خرایە سەر زمانێکی تر، گەر لە شیعر دەرهێنراو بە سیاسەت تەفسیرکرا، دەبێتە شتێکی دیکەی جیاواز لە شیعر... بە کورتی ئەوە شۆڕشگێڕێتییە دەبێت لە شیعردا بتوێتەوەو یاساکانی خۆی بخاتە سەر یاساکانی شیعرو زمانی خۆی بگۆڕێت و لە شیعردا بۆ ماهییەتێکی بزری خۆی بگەڕێت،

نەوەک شیعر لە شۆڕشگێڕێتیدا بتوێتەوە. ئەوەی پێویستە ئەوەیە شۆڕش دەبێت بە جەستەو مەلەکووتی شیعردا تێپەڕێت نەوەکو شیعر بە جەستەو مەلەکووتی شۆڕشدا. شۆڕش کاتێک لەناو شیعردا نیشتەجێ دەبێت ئەو دیوە فەنتازییەی ناوخۆی دەدۆزێتەوە کە سیاسەت وێرانی دەکات، ئەو مەلەکووتە خەیاڵییەی کە واقیع گەمارۆی دەدات، بەڵام کاتێک شیعر لە شۆڕشدا دەتوێتەوە زمان و ماهیەتی خۆی دەدۆڕێنێت و هیچیش نادۆزێتەوە. شیعری شۆڕشگێڕ ئەوە نییە خۆی نوقمی واقیع دەکات، بەڵکو ئەوەیە شۆڕش نوقمی فەنتازیا دەکات. دواجاریش شۆڕش هەمیشە کەرەستەو خزمەتچیی حەقیقەتە. لەکاتێکدا حەقیقەت و شیعر دوو شوێنی جودان، دوو ماڵن هەریەکەیان دەکەونە سەر دوو سەرزەمینی جیاواز.

## شیعر، یاساو زمان

لەیەکێ لە ڕستە بەناوبانگەکانیدا شیللیی شاعیر وەک «یاسادانەرانی دانپیێدانەنراوی جیهان» nicht aner- kannten Gesetzgebern erWelt. وەسف دەکات. ئەم ڕستەیە تا ئەمڕۆ لە ڕەخنەدا سەدای قووڵ جێدەهێڵێت. «فرانز یۆزێف ستزێرنین» لەتاوتوێکردنی ئەو دیدەدا دەڵێت «گەر وا فەرز بکەین زمانی شیعر سەر بە جیهانە، کەواتە شاعیر یاسادانەری نهێنیی زمانیشە... گەر وا فەرزیش بکەین یاسا بەخشین بە زمان واتای یاسا بەخشییە بە بەشەکانی دیکەی جیهان. کەواتە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت، سیستمی ناو زمانی شیعری خولقێنەری سیستمی جیهانیشە»

«بڕوانە Gzernin. Dichtung & Theorie, e. jornal 98- Litratur Primaer»

بەڵام هەر ستزێرنین خۆی گریمانەیەکی دی لەو بۆچوونەی شیللی دەرەنجام دەهێنێت. «گەر وا فەرز بکەین شاعیر یاسا تێکدەری جیهانە، بەوەدا کە زمان سەر بە جیهانە، کەواتە شاعیر یاسا تێکدەری نهێنیی زمانە» کەواتە دواجار ناڕێکیی زمانی شیعری خولقێنەری ناڕێکیی جیهانە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا تێبگەین وشەی «جیهان»ـە. ئەو جیهانەی کە شاعیر تێکی دەدات یان یاسای بۆ دادەنێت، جیهانی دەرەوە نییە، بەڵکو جیهانێکی زمانەوانییە، دواجار یاساشکێنی جیهان لە یاساشکێنی ناو شیعر جیانابێتەوە، یاسابەخشیش بە جیهان لە یاسابەخشین بە زمان جودا نییە. ئەو جیهانەی کە شاعیران یاسادانەرینی، جیهانی ژیانی واقیعی و ژیانی ڕۆژانە نییە، بەڵکو وێنەیەکی جیهانە لەودیو ئەو واقیعەوە دەست پێدەکات. یاسادانان بۆ جیهان لە ڕاستیدا هەڵقوڵاوی یاسادانانی شیعر خۆیەتی بۆ خۆی. واتە یاسای جیهان و یاسای زمان لە شیعردا لە یەک ناترازێن. ئەوەی کە پێی دەڵێین جیهان لەناو شیعردا چ شتێک نییە جگە لە زمانی شیعر خۆی. ئەوەشی کە پێی دەڵێن زمان لەناو شیعردا شتێک نییە جگە لەستراکتۆری ئەو جیهانە تایبەتییە کە لە دەرەوەی دەمرێت و بوونی نییە.

شاعیر کەسێکە یاسا بۆ مەملەکەتە خەیاڵییەکان دادەنێت. یاساکانی بە گوتەی «شیللی» دانپیێدانانرێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو جیهانەی ئەو یاسای بۆ دادەنێت جیهانێکی نهێنی و نەناسراوە، بەڵام پرسیارێکی بنەڕەتی کە لێرەدا دێتە پێشێ ئەوەیە ئاخۆ ئەو جیهانە ناوەکی و نەناسراوو دانپیێدانەنراوە، هیچ نرخێکی واقیعیی هەیە؟. ئاخۆ گەر شیعر تەنیا گەردوونێکی زمانەوانییە بۆ دەبێتە گەردوونێکی زۆرجار نەخوازراوو زۆرجاریش ترسناک؟ کە شاعیر یاسادانەری مەملەکەتێکە لە تەنیشت مەملکەتەکانی ئێمەوە، چی وادەکات وا نامۆو ترسناک تەماشا بکرێت؟ لە ڕاستیدا دانانی یاسا بۆ جیهانێکی دیکە، واتە دانانی یاسایەکی دژ.. دەست ڕەنگینی لە دروستکردنی جیهانەکانی تردا، هەڕەشەیە لە جیهانی ئێستا. ئەوەی یاسا بۆ دنیایەک دادەنێت لە جەوهەردا یاسایەکی دی تێکدەشکێنێ و فەرامۆشی دەکات. ستزێرنین ئاماژە بەو بیرۆکەیە دەکات و دەڵێت «شێوازی شاعیرانەی یاسادانان، لە جەوهەردا تێکشکاندنی یاساکانە» «هـ. س. پ» هەر لێرەوە ستزێرنین ئاماژە بە ترسی ئەفلاتوون دەکات کاتێک قسە لەوە دەکات داهێنانی مۆسیقایەکی نوێ واتە لەرزان و هەڵتەکانی یاساکانی دەوڵەت، گەر لەوە بگەین کە مۆسیقاو شیعر لە یۆنانی کۆندا وەک یەک تەماشا دەکران، لەوە تێدەگەین یاسای جیهانە نهێنییەکەی شیعر مانای جێهێشتن و بێحورمەتی و بنکۆڵکردنی یاسا واقیعییەکان.

شیعر کە یاساکانی دنیایەک دەخاتە بەرابەر یاساکانی دنیایەکی تر، کە دەبێتە یاسادانەری فەزایەکی دی، لە جەوهەردا نە مەبەستێتی، نەدەتوانێ و نەدەیەوێت، شیعر شوێنی دنیای واقیعی بگرێتەوە. واتە دەستکاریکردنی شیعر بۆ ژیان بە پێچەوانەی دەستکاریکردنی سیاسییەوە، بە زۆر ناخزێتە ناو ژیانەوە. ئەمە لە کاتێکدا وێنەی جیهان کاتێک وەک ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی پێشکەش دەکرێت، ئیدی بە هەموو توانایەوە دەخزێتە ناو ژیانی فەردەکان... بەڵام یۆتۆپیای شیعر یۆتۆپیایەکە نایەوێت لە یۆتۆپیا بێتە دەرێ. شیعر جۆرە ئەستەمێکە دیلی دیوارەکانی خۆیەتی. مەحاڵێکە دەستبەرداری مەحاڵبوونی خۆی نابێت. لێرەوە شیعر تەنیا کار لەوانە دەکات کە ئازادانە خۆیان بۆ کاریگەریی شیعر دەکەنەوە.. بە پێچەوانەی سیاسەتەوە کە بێپرس و بێمەبەست دەخزێتە هەموو ڕووبەرەکانی ژیانەوە. شیعر ناتوانێت کارمان

تێبکات، بخزێتە ژیانمانەوە گەر پێشوەخت ئامادەگیمان بۆ ئەو کارتێکەرییە وەرنەگرتبێت. شیعر ناتوانێت هیچ ژیانێک داگیربکات، ئەوکاتە نەبێت کە ژیان بڕیار دەدات ببێتە شیعر.

قبوڵکردنی شیعر، قبوڵکردنی یاسای جۆرە زمانێکی دیکەو زمانی جۆرە یاسایەکی دیکەشە.

شاعیر لەو کاتەدا کە جیهانی خۆی دروست دەکات، جیهانەکانی تر تێکدەشکێنێت. کە جیهانی خۆشی دروست دەکات، دەزانێت ئەو جیهانەی ئەو دەتوانێت هەموو جیهانەکان لە خۆیدا موتوربە بکات، بێ ئەوەی لە هیچ جیهانێکی تر موتوربە بکرێت.

## پاشکۆیەکی کورت
## لەنێوان شیعرو ژانرەکانی تردا
## «لەسەر ڕۆشنایی خوێندنەوەی فرانسیس پۆنج»دا

پۆنج شاعیرە، بەڵام لەپاڵ شیعردا هەموو شتەکانی تریشە، ئەمە بەو مانایە نییە کە پۆنج لەپاڵ شیعردا شتەکانی تریش دەنووسێت، نا .. بە پێچەوانەوە، پۆنج لەو ساتەدا کە شیعر دەنووسێت هەموو شتەکانی تریش دەنووسێت. واتە لای پۆنج خودی شیعر خودی ڕەخنەشە.. خودی شیعر خودی تێڕامانی فەلسەفیشە، قسەکردنی ئەبستراکت و قسەکردنی ئاسایشە... مەنتیق و نامەنتیقییەتیشە. شیعری پۆنج پەخشانێکی ڕووتە، بەڵام لەدوای هەموو شیعرێکی پۆنجەوە، قسەکردن لەسەر جنسی ئەدەبی مانای نامێنێت، پۆنج تەنیا گومانمان لە شیعر لا دروست ناکات، بەڵکو کە شیعری پۆنج دەخوێنینەوە هەست دەکەین ئەوەی کە دووبارە پێویستی بە پێناسەیە شیعر نییە، بەڵکو پەخشانە... لەم حەقیقەتە سادانەوە کە شیعری فرانسیس پۆنج بەسەرماندا دەیسەپێنێت دەتوانین لە پێوەندی شیعرو شتەکانی تر بڕوانین.

شیعر هەرگیز پێویستی بە پێناسە نییە، ئەگەر هاتوو جارێکیش شیعرمان پێناسە کرد، بۆ ئەوە نییە کە بیکەین بە دەلیل، بیکەین بە چاوساغی تێگەیشتن، بیکەین بە دەروازەی تێگەیشتنمان لە شاعیرەکانی تر، بەڵکو بۆ ئەوەیە خیانەتی لێبکەین. هەموو شیعرێکی گەورە پێمان دەڵێت شیعر ئەوە نییە کە تێیگەیشتووین. لێرەوە شیعرەکانی پۆنج تێکەڵەیەکی بێ سنوورە لە هەموو ئەوشتانەی کە لەسەر شیعرو لەسەر شتەکانی دیکەی جیهان دەیزانین، ئەوەی لە پۆنجدا دەیخوێنینەوە ئەو سەرکێشی و «ریسک – مغامرة»–ە نییە کە شیعر لەناو پەخشاندا دەیکات، بەڵکو ئەو ریسکەیە کە پەخشان لەناو شیعردا دەیکات... بە بڕوای من شیعر لە دەرەوەی خۆی زمانێکی نییە، ئەو مەملەکەتێکە لە دەوەوەی

هەموو شتەکان، ئەو نایەتە دەرێ، باڵندەیەکە هێندەی لەماڵی خۆی هاتەدەرێ دەمرێت.

ئەو بەرەو پیری شتەکان ناچێت، ئەو ناچێتە داوەتی ژانرە ئەدەبییەکانی تر، بە پێچەوانەوە ئەوەی کە دەبێت بچێتە داوەتی شیعر جنسەکانی ترن. شیعر لێرەیە و کەس داوەت ناکات، بەڵکو ئەوە پەخشان و فەلسەفە و حیکمەتەکانی ترن ناچارن ڕووبکەنە ماڵی ئەو، واتە شیعر لە ئاوێنەکانی تردا دەرناکەوێت، بەڵکو ئەوە جنسەکانی ترن دەبێت لە ئاوێنەی شیعردا دەرکەون... شیعر ناتوانێت ببێتە شتێکی تر جیاواز لە خۆی، بەڵام دەتوانێت یارمەتی هەموو شتەکان بدات، لە شوێنێکدا دەرکەون جیاواز لە شوێنی خۆیان، دەتوانێت دەرگای خۆی تا ئەو ئەندازەیە بکاتەوە کە هەموومان بچینە ماڵی، دەتوانێت لە مەملەکەتی خۆیدا ڕووبەرێک بۆ هەموو شتەکان بکاتەوە، دەتوانێت لە یەککاتدا نیوەی لە ڕۆژدا بێت و نیوەی لە شەو، نیوەی لەناو مانادا بێت و نیوەی لەناو تاریکییەکانی مانادا بێت، دەتوانێت شەرعییەت بداتە عەقڵ و شەرعییەت بداتە شێتی، شەرعییەت بداتە ڕۆشنی و شەرعییەت بداتە تەمومژ، شەرعییەت بداتە مانا ڕۆژانەکان و شەرعییەت بداتە ئەو مانایانەی کە مانای ئێمەن بە تەنیا «واتە مانان لە دەرەوەی مانای ئاسایی مانا»، شەرعییەت بداتە ڕێسا سادەکانی ڕێزمان و شەرعییەت بداتە من و تۆ کە هەمیشە دەمانەوێت لە دەرەوەی ڕێزماندا بین. ئەم ئازادییە موتڵەقەیە وادەکات شیعر جنسێکی بێ پێناسە بێت، جنسێک بێت من و تۆ بۆمان هەبێت دروستی بکەینەوە و هەمیشەش گەمەی تێدا بکەین.

شیعر جنسێکە دەتوانین هەموو شتێکی پێ بەخشین، بەڵام ناتوانین هیچی لێبستێنین، بۆمان هەیە هەموو شتێک بەرینە ماڵی و بۆمان نییە هیچی لێبهێنینە دەرێ. بەمانایەکی تر شیعر بەرەو لای ئێمە نایەت، بەڵکو ئەوە ئێمەین مەحکومین بەرەو ڕۆیشتن بۆ ماڵی شیعر. ئەو لەناو ئێمەدا دانانیشێت، ئەوە ئێمەین مەحکومین بە دانیشتن لە ماڵی شیعر. کە لە شیعر دێینە دەرەوە حەقیقەتێکی گەورە و دروشمێک و سەلماندنێکمان پێ نییە، کە لە شیعر دێینە دەرەوە لە شیعر زیاتر هیچی دی لەگەڵ خۆماندا ناهێنین، شیعر جگە لە خۆی هیچ سیاسەت و حیکمەتێکی نییە بیدات بە جیهان. ناتوانێت هیچ حەقیقەت و دروشمێک بۆ هیچ کەس دروست بکات، پلانێکی نییە بۆ هیچ شتێکی جیاواز لە خۆی، شیعر بەڵگە نییە بۆ هیچ حەقیقەتێک، وەک زانست و فیکر توانای سەلماندن و پاساودانی هیچی نییە، کە دێیتە دەرێ لە تەمی شیعر، لە شیعر زیاتر هیچی تر نابینیت، بەڵام ئەو کەسیش لە ماڵی خۆی دەرناکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی

دەچێتە ماڵی شیعر دەبێت یاسای جەوهەرییانەی ئەو قبووڵ بکات، ئەو یاسایەی لەسەرەتاوە ناومان نا یاسای بێپێناسەیی شیعر. سیاسەت لە شیعردا پێناسەکانی خۆی فڕێ دەدات و دەبێتە شتێکی جیاواز لە سیاسەت، فەلسەفە لە شیعردا شتێکی ترە، شتێک تەواو دوور لە هەموو پێناسەکانی فەلسەفە.

لەم دیدەوە سیاسەت، فەلسەفە، پرسیارەکانی تر دەتوانن بێنە ماڵی شیعر، بەڵام دواجار نە سیاسەت دەتوانێت شیعر بکاتە کەرەستەی سیاسەت و نە فەلسەفە دەتوانێت شیعر بکاتە کەرەستەی فەلسەفە. ئەوە سیاسەتە دەبێ ببێتە شیعر، فەلسەفەیە دەبێت لە لۆژیکی خۆی دابەزێت و بێتە ناو لۆژیکی پڕ لە ئانارشییەتی شیعر... شیعر هەموو شتەکان لەسەر نەزمی خۆی دروست دەکاتەوە، هەر شتێکیش بەرهەم بهێنێت، حەقیقەت بێت یان خەیاڵ، ڕێکی بێت یان فەوزا، هارمۆنییەت بێت یان شکان.. دواجار نە حەقیقەتی سیاسەتن و نە حەقیقەتی فەلسەفەن، نە خەیاڵی سیاسەتن و نە خەیاڵی فەلسەفەن، بەڵکو حەقیقەت و خەیاڵی شیعر خۆین.

ئەوەی دەچێتە ماڵی شیعر دەبێت ڕووت بێتەوە لە سیفەتەکانی خۆی و بیپۆشێت سیفەتەکانی شیعر... شیعر شتەکانی دی دەکاتە خۆی و خۆی نابێتە هیچ... ماهییەتی ئەو هەموو ماهیەتەکانی دی لە ئامێز دەگرێت و خۆی لە هیچ ماهییەتێکدا ناتوێتەوە. هەر کاتێکیش بیری لەوە کردەوە ماهییەتی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە لەوە دەکەوێت چیتر پێی بگوترێت شیعر.

* * *

پۆنج لەیەکێ لە قەسیدەکانیدا بە ڕوونتر لە هەر جێگایەک تەعبیر لەو بۆچوونانە دەکات، قەسیدەکە بە ناونیشانی «چەند تێبینییەک لە بارەی قەسیدەیەک - لە بارەی مالارمییە-»یەوە پۆنج دەڵێت شاعیران «بە هەموو نرخێک ئایدیاکان و بە هەموو نرخێک جوانیان» قبووڵ نییە. ئەوەی گرنگە «هەڵکشانی ئارەزووی تەعبیرە تا ترۆپک». ئەوەی وا دەکات مالارمییە لای پۆنج گرنگ بێت ئەوەیە «فیکرەیەکی باڵای لە بارەی سامان و سەروەتی شاعیرانەوە هەیە، ئەو سەدا لەپشت سەدا لەدوای ئەو سامانە دەڕوات. ئەو ئارەزووی ڕێکی و شێتی لەکەس زەوت ناکات» لێرەدا دەبێت بپرسین ئەو سامانە چییە کە شیعر هەیەتی؟ بۆ ئارەزووی ڕێکی و شێتی لەکەس زەوت ناکات؟ ڕێکی یان شێتی؟ سیستەم یاخود نارێکی؟ ڕێکخستن یان فەوزا؟ هەموو ئەمانە لەناوەوە شیعر دەیانکاتە سامانی خۆی. بە واتایەکی دی شیعر لەو دیو ئەم دابەشکردنانەوە ئیش دەکات، لەپێش ئەم دابەشکردنانەوە دەژی، گەر لە قووڵاییدا تەماشاکەین شیعر ئەم دابەشکردنانە ناناسێت. ئەوە ئێمەین هەمیشە لە دەرەوەی شیعر باس لە وێنەیەک دەکەین، وێنەیەک هەرکات کە دەچێتەوە ناو شیعر دەبێتە غوبارو دەڕەوێتەوە.

وەک هایدگەر دەڵێت شیعر «نزیکە لە ماڵی وجوودەوە»، لێرەوە هەموو دابەشکردنە میتافیزیکییە گەورەکان، لەسەروو هەموویانەوە وشەگەلی «ڕێکی/ شێتی یان نارێکی» «مانا/ بێمانا» نامۆن بە شیعر. «پۆنج» لە قەسیدەیەکی دیکەدا دەڵێت: «وشە خودایە، من وشەم، لە وشە زیاتر هیچی دی بوونی نییە». ئەم موتڵەقییەتەی کە پۆنج دەیبەخشێتە وشە، ئەم خودا سالارییەی پۆنج بە وشەی ڕەوا دەبینێت، لەوەوە هەڵنەقووڵاوە کە وشە جەوهەرێکی دیاریکراوی هەیە، بەڵکو وشە میوانداری هەموو شتەکان دەکات، هەموو شتەکان دەگرێتە خۆی، ئەو دەرگایەکی کراوەیە بەسەر بووندا، واتە لە دەرەوەی کۆی ئەو ناکۆکییانەی دواتر دروست دەبێت دەژی، شیعر لە دەرەوەی ئەو دژایەتییانە لە دایک دەبێت، هەموو ئەو ناکۆکییانەش دواجار دەگەڕێنەوەو لە سایەی دەسەڵاتی خوداوەندانەی ئەودا دەبنەوە بەیەک... کاتێک شاعیر دەڵێت «لە وشە زیاتر هیچی دی بوونی نییە» ئەمە مانای ئەوە نییە وەک فەیلەسووفێکی ئەزموونگەر یان وەک برکلی دەڵێت «لە دەرەوەی هەست هیچ شتێک بوونی نییە»، بەڵکو مانای ئەوەیە لە دەرەوەی شیعر ماهییەتەکان ئەو ماهییەتە نین چاوی شیعر بیانبینێت.

شتەکان کە دەچنە ناو شیعر ماناکانیان دەگۆڕێت، لێرەوە ئەوەی لە دەرەوەی شیعرە ئەوە نییە کە لە ناوەوەی شیعرە... تەنیا ئەو شتانەش لای شیعر بوونیان هەیە کە لەناو شیعردان.

نەرسیسێکی سەیرە شیعر.. تا سەر ئێسقان لە «خۆئەڤینی - نرجسیة» خۆیدا نوقمە شیعر.

* * *

گەر لەم سەرەتایەوە بچینەوە سەر سەرەتای کێشەیەکی کۆن. دەپرسین: کێ ئەمڕۆ سەرکەوتووە، هیگڵ یاخود شلێگڵ؟ هیگڵ کە هونەری «بەشیعریشەوە» لە ئاستێکی نزمتردا دەبینی لە دین و فەلسەفە، یاخود شلێگڵ کە باوەڕی وابوو ڕۆژێک هەموو ژانرەکان لەناو شیعردا دەتوێنەوە، باوەڕی وابوو دواجار چارەنووسی فەلسەفە ئەوەیە لەناو شیعردا بتوێتەوە.

بێگومان شیعر نزمتر نییە لە فەلسەفە، بەڵکو شیعر شتێکی دییە جیاواز لە فەلسەفە.. ئەو ناتوانێت خۆی ئەزموون بکات و ببێتە فەلسەفە، بەڵام دەتوانێت فەلسەفە ناچار بکات بەلاغەتێکی تر بدۆزێتەوە جیاواز لە زمانی

خۆی، تا لە ڕێگای ئەو بەلاغاتەوە بێتە ماڵی شیعرو لەویادا دانیشێت و لەژێر ڕۆشنایی زمانی تردا لەخۆی بڕوانێت. من پێموایە شیعر توانەوە لە هیچ شتێکدا قبووڵ ناکات، بەڵکو توانای توانەوەی هەموو شتەکانی هەیە، لێرەشەوەیە لەو هاوکێشە سیحراوییەی پۆنج تێدەگەین کە دەڵێت «وشە خودایە، من وشەم، لە وشە زیاتر هیچی دی بوونی نییە».. خوداوەندێتی وشەی شیعر لەوەوە هاتووە کە هەموو ژانرەکانی تر لەخۆیدا کۆدەکاتەوەو ماهییەتی شیعرییان پێدەبەخشێت. دواجار ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە شلێگڵ بە هەنگاوێکی گەورە لەپێش هیگڵەوەیە. ڕاستە فەلسەفە لە دەرەوەی شیعر نامرێت، بەڵام هەمیشە هەموو خولیایەکی ڕەسەنی فەلسەفە بەدەر لە دەسەڵاتی فەیلەسووفان، لە ڕێگای ڕۆحی شاعیرەوە لەناو شیعردا دەتوێتەوەو لە نیگایەکی ترەوە دروست دەبێتەوە و دووبارە ماهییەتەکانی تری دەدۆزرێتەوە.

بەمانایەکی تر شیعر ئەو جنسەیە کە لە «جەوهەر»دا کەمترین ئاسەواری جنسەکانی تر هەڵدەگرێت.

لێرەوە ئەوەی شیعر هەڵدەبژێرێت، ئەوەیە کە دەیەوێت خۆی بێت، دەیەوێت کەمترین بڕ لە «ئەوانی دی» لە ناویدا بێت...

واتە ئەوە تەنیا شیعر نییە بەلاغەتی خۆی لە هەموو بەلاغەتەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوە شاعیریشە لە ڕێگای بەلاغەتی شیعرەوە مانای خۆی وەک ئینسان لەوانی دی جیادەکاتەوە. ئەوە شاعیرە وشە دەگەیەنێتە پلە ئاسمانی و خودا ڕەنگییەکەی خۆی، شاعیرە «وشە» لە هەموو ئاسەوارەکانی «دەرەوەی شیعر» پاک دەکاتەوە. وشە لە خوداوە نابێتە وشەیەکی شیعرییانە، بەڵکو دوای جەنگێکی درێژ، دوای بەرەنگارییەکی قووڵ، دوای پاکسازییەکی بێڕەحمانە دەگەڕێتەوە سەر ئەو پنتەی تیایدا لە دەرەوەی زمانی دابەشبوونەکان و جنسەکان و بەهای مۆراڵەکان قسە دەکات.

پۆنج گەلەک قووڵ تەعبیر لەوە دەکات و لە قەسیدەی «بەلاغەت»دا دەنووسێت:

«من بیر لەوانە دەکەمەوە لەبەر وەڕزیی، خودکوژی دەکەن، لەبەرئەوەی پێیان وایە، گەلەک شتی زۆری «ئەوانی دی» لەناویاندایە.

دەتوانیت پێیان بڵێیت: لایەنی کەم لە ناوتاندا کەمایەتییەک هەیە کە وشەیە. دەتوانیت پێیان بڵێیت: ببن بە شاعیر. ئەوان وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن: «بەڵام ئەوەتا بۆم نارەخسێ، کاتێک دەمەوێت تەعبیر لەخۆم بکەم هەستەکەم ئەوانی دی هێشتا لەناومان. وشەکان کاملن و هەرگیز من نیم، بەڵکو ئەوانن بۆ خۆیان دێنە زمان.

لێرەدا پێویستە سوودی هونەری بەرەنگاربوونەوە دژ بە وشە فێرببین، هونەری ئەوەی تەنیا ئەو شتانە بڵێین کە خۆمان دەمانەوێت، هونەری توندوتیژی لەگەڵ وشەدا و ملکەچ پێکردنی. بە کورتی دامەزراندنی بەلاغەتێک، یان وردتر هەرکەس و بکەوێتە فێربوونی هونەری داڕشتنی بەلاغەتی تایبەتی خۆی».

لە ڕاستیدا «هونەری بەرەنگاربوونەوە دژی وشە» کە پۆنج داوای دەکات، هیچ نییە جگە لە هونەری گێڕانەوەی وشە بۆناو پاکێتی شیعر، گێڕانەوەی وشە بۆ ناو بەلاغەتی پەتی شیعر. دەبێت فێری توندوتیژی بین لەگەڵ وشەدا تا بەلاغەتی خۆی و بەلاغەتی ئێمە دامەزرێنێت، بەلاغەتێک کە ئاسەواری ئەوانی تری تێدانەبێت، واتە وشەکان لە خۆیانەوە نەیەنە زمان، بەڵکو شیعر بیانهێنێتە زمان. توندوتیژی لەگەڵ وشەدا کلیلی بەلاغەتە.. بەلاغەتیش واتە ملکەچ پێکردنی هەموو ماهییەتەکان بۆ ماهییەتی شیعر. بەم مانایە دەتوانم بڵێم شیعر تاکە چالاکییەکی ئینسانە کە زمان دەگێڕێتەوە بۆ منداڵی خۆی. هەموو ژانرەکانی تر زمان بەرەو پێشەوە، بەرەو پیری ڕادەکێشن، تەنیا شیعر کە زمان بەرەو دواوە، بەرەو منداڵی دەگێڕێتەوە.

**تێبینی(١): قەسیدەکانی پۆنج لەو هەڵبژاردەیەوە وەرگیراوە کە هەریەک لە «گێرد هێنیکەر و کاترینا شپان» لە بنکەی فیشەرەوە وەریانگێڕاوەتەوە سەر ئەڵمانی. بڕوانە لاپەڕەکانی (١٥٧، ١٥٩، ١٧٩).**

**تێبینی(٢): ئەو پاشکۆ تایبەتییە، وەک بابەتێکی جیاواز نووسراوە، بەڵام لەبەر بڵاونەبوونەوەی، بەهۆی نزیکیشی لەماناو ڕۆحی بابەتەکەوە، بە گونجاوم زانی ببێتە پاشکۆی باسەکە.**

**تێبینی(٣): هەندێ بەشی کەمی ئەم وتارە، لە شێوەی کۆڕێکدا لەژێر ناونیشانی «شیعر لەنێوان جەبرو ئازادیدا» لە ڕۆژی (٦/١/٢٠٠١) لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە سلێمانی پێشکەشکراوە.**